Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/١٠.٢٤٢٧١/garmian.٢٠٧٠٣٠٢

# بنیاتی زمان و واتا لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا

**دارا حەمید محەمەد**

زانکۆی گەرمیان / کۆلێجی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی

***Article Info***

Received: June, ٢٠٢٠

Revised: June ,٢٠٢٠

Accepted: July ,٢٠٢٠

***Keywords***

تێکست، هێما، دەوروبەر، ئەرکی زمان، سێمانتێکس

***Corresponding Author***

dara.hamid@garmian.edu.krd

**پوختە**

بنیاتی زمان لە دەقدا سەرچاوەی هێز و کاریگەری و ئێستاتیکای دەقە، سێمانتیکی دەق لە پتەوی پێوەندییە گراماتیکییەکان و ڕێکەوتنە واتاییەکانی نێوان کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی ڕستەکانی دەقەوە سەرچاوەدەگرێت، هەڵبەت دروستی پێوەندییە گراماتیکییەکان لە پابەندبوون بە سینتاکسەوە دەئافرێنرێت، هەرچی مەبەستە پراگماتیکییەکانی دەقیشە ئەوا لە زمانی بەکارهێنراوی دەقەوە سەرچاوەدەگرن، بەوپێیە بنیاتی زمان دەبێتە بناغەیەکی سەرەکی بنیاتی دەق، زمانی تێکست هەڵگری چەند سیماو تایبەتمەندییەکە، پابەندبوون یان لادانی سینتاکسی ڕۆڵ لە ستراکچەریدا دەبینێت، ئەوەش ڕۆڵی لە بنیاتی دەق و فەراهەمبوونی هەردووجۆری واتای سێمانتیکی و پراگماتیگیدا هەیە. سینتاکسی دەق و بنیاتی واتا زۆرجار سەرچاوەی گرفتێکی زمانییە، ئەم توێژینەوەیە، کە بەناونیشانی (بنیاتی زمان و واتا لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا)وەیە و بەپێی میتۆدی پەسنی شیکەرەوەیی ئەنجامدراوە، لەدوو بەشدا هەوڵی چارەسەری ئەو گرفتانەی داوە، سەرەتا و دەستپێك باس لە بنیاتی زمان و ئەرکی زمان لەدەقدا و تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعری کراوە، دواتریش سیگمان هێما و واتا لەتەوەرێکدا باسی لێوەکراوە، سامپڵەکانیش لە دوو دیوانی شیعری لەتیف هەڵمەت وەرگیراون

## پێشەکی :

زمان ڕەگەزێکی دیار و بەڵکو بناغەی بنیاتنانی دەقە، زمانی دەق سیما و تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیاوازە لە زمانی ئاخاوتن، سەرچاوەی جوانی و سەرنج ڕاکێشانی تێکست زمانە، ستراکچەری ناوەوەی زمان بەتایبەتی لە ئاستی سینتاکسدا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تێکستی ئەدەبی هەیە، هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی (بنیاتی زمان و واتا لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا)وەیە ، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ڕۆڵی زمان و واتا لە بنیاتی دەقەئەدەبییەکانی لەتیف هەڵمەتدا .

میتۆدی توێژینەوەکە پەسنی شیکەرەوەییە، کەرەستەی زمانی زاری ناوەڕاست و نمونە و سامپڵەکان شیعری لەتیف هەڵمەتن، توێژینەوەکەمان لە دوو بەشدا خستووەتەڕوو:

بەشی یەکەم : باس لە بنیاتی زمان و ئەرکی زمان و ئینجا زمانی شیعری و تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعری دەکات .

بەشی دووەم : تایبەتە بەلایەنی واتایی (سێمانتیك و پراگماتیك) لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا لەڕێی خستەڕووی چەمکی هێما و واتا و هێمالۆژی، نیشانە سێمانتیکی و پراگماتیکییەکان و پرۆسەی بەکۆدکردن .

لەکۆتایشیدا گرنگترین ئەنجامەکان خراونەتەڕوو، ئینجا ئاماژە بە سەرچاوەکان کراوە و کورتەیەکی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی عارەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو .

١_١- بنیاتی زمان و ئەرکی زمان لە دەقی ئەدەبیدا

١_٢ _ بنیاتی زمان و ئەرکی زمان

سەرەکیترین ئەرکی زمان لێکگەیشتن و پێوەندیکردنی تاکەکانی کۆمەڵە، وەلێ لەدەرەوەی ئەو ئەرکە زمان چەندین ئەرکیتری پێدەسپێردرێت، لەوانە هەڵگرتنی واتاو دەلالات و نهێنی و لایەنی شاراوە و نەزانراوی تێکستی ئەدەبی، چونکە هەرچەندە یەکە زمانییەکان لەدەرەوەی دەقەئەدەبییەکاندا هەڵگری واتاگەلێکی سێمانتیکین و زۆرجاریش لەبەکارهێناندا گەیەنەری واتای پراگماتیکین، بەڵام هەمان ئەو یەکە زمانییانە لە کایەی دەقی ئەدەبیدا بەمەبەستی واتا و دەلالەتی جیاواز بەکاردەهێنرێن، ئەو واتاو دەلالەتە نوێیانەی زمان بەشێکن لە بنیاتی زمان لەدەقدا چونکە لێکدانەوەی سێمانتیکی دەق بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وابەستەدەبێت بە بنیاتی سینتاکسی ڕستە پێکهێنەرەکانی دەقەوە، ((بنیاتی دەق و سینتاکس دوو پێکهاتەی لێکدانەبڕاون ، شیکاری دەق بەزەرورەت دەبێت لە شیکاری سینتاکسی دەقەوە دەستپێبکات، بۆ تێگەیشتن لە واتای هەر دەقێك پێویستە بە تێگەیشتن لە بنیاتی سینتاکس و ڕستەوە دەستپێبکرێت، دواتر لەسەرئاستی بنیاتی دەق لێیتێدەگەین)).(حماسە،٢٠٠١:٩). بەپێی بۆچوونی برینکەر دەق لە کۆمەڵە ڕستەیەکی بەدوایەکداهاتووی پەیوەست پێك دێت(برینکر ،٢٠٠٤،ص٣١) و دەکرێت، لە سینتاکسی دەقی شیعریدا هەموو جۆرەکانی ڕستە هەبن و لەسەر ئەو بنەمایەش شیکاری سینتاکسییان بۆبکرێت، بەڵام بەلای هالیدایەوە گرنگ لە دەقدا واتایە بۆیە بۆچوونی وایە((دەق یەکەیەکی سێمانتیکییە پێوەندی بە واتاوە هەیە، لەوانەیە دەق نووسراو بێت یان نەنووسراو، پەخشان بێت یان شیعر، گفتوگۆبێت یان مۆنۆلۆگ)) (کاکل ، ٢٠٠٢ :٣٥) . هەر چەندە بەشێکی زۆر لە زمانەوانان پێناسەکەی هالیدایان لا پەسەندە بۆ دەق، کە دەق بەیەکەیەکی سێمانتیکی دادەنێت نەك ڕێزمانیی ، چونکە زیاتر پێوەندی بە ناوەڕۆکەوە هەیە نەك فۆرم، بەمەش دەق لە چەند ڕستەیەك پێکنایەت بەڵکو بەهۆی ڕستەوە دەناسرێتەوە، لەبەرئەوە نابێت، پێشبینی ڕۆنانێکی تەواو و گراماتیکێکی تەواو بکەین لە ناو دەقدا وەك ئەوەی لە ڕستەداهەیە (سەرچاوەی پێشوو ) . ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی بنیاتی زمانیی تێکستی ئەدەبی هەرچەندە لە ڕستەو ڕستەش لە فریز و ... تد پێکدێت بەڵام ئەوەی گرنگ بێت لە دەقدا واتایە، بێگومان واتاش پشت بە بنیاتێکی زمانی تەواو دەبەستێت، کە تێیدا پێوەندی سینتاکسی و سێمانتیکی بناغەی فەراهەمبوونین .

سیمون دیك لە کۆتایی ساڵانی حەفتا و سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە کاری لەسەر تیۆرییەکی تایبەت بە سینتاکس دەکرد تا پێشنیازکردنتیۆریی سینتاکسی ئەرکی، کەبەلای هەندێ لە زمانەوانانەوە وەك جێگرەوەیەك بۆ تیۆریی بەرهەمهێنان خرایەڕوو، هەروەها زۆر بە شیاو زانرا بۆ شیکاری سینتاکسی دەق. بۆ زیاتر بڕوانە (العناني ، ٢٠١٤) ،(المتوکل،٢٠٠١) تیۆریی سینتاکسی ئەرکی لەسەر چوار بنەما دەمەزراوە :

١- ئەرکی زمانە سروشتییەکان پێوەندیکردنە .

٢- بابەتی زمانەوانی پەسنکردنی توانای بەردەوامی پێوەندیکردنی قسەکەر و گوێگرە .

٣-سینتاکسی ئەرکی تیۆرییەکە، کار لەسەر لایەنی پراگماتیکی دروستە و واتا دەکات .

٤-پێویستە ئامانجی پەسنی زمانی بەدەستهێنانی سێ جۆر توانست بێت: ( توانستی پراگماتیکی، توانستی جۆر(شێواز)، توانستی دەروونی) .

توانستی پراگماتیکی: ئەوە ڕوون دەکاتەوە ، کە سینتاکسی ئەرکی تەنها کار لەسەر ئەو ڕێزمانە ناکات ، کە بنیاتێکی ڕاست و دروستی ڕستە و دەق دەکات بەڵکو کاردەکات بۆ دەستەبەرکردنی ڕێزمان و ئەو مەرجانەی پێوێستە هەبن، بۆ ئەوەی چ ڕستە و چ دەق شیاو و گونجاو بن ، بۆ ئەو هەڵوێستەی تێیدا بەکاردەهێنرێن و ئەرکی پێوەندیکردن بە دروستی بەجێبگەیەنن .

توانستی جۆر(شێواز) :ئەم جۆرە توانستە کار لەسەرخاڵە هاوبەشەکانی زمانە جیاوازەکان دەکات، وەك تایبەتمەندییە سێمانتیکی و پراگماتیکییەکان چونکە لە زمانانەدا زۆر لێکدەچن، هەربۆیە گرنگی بە لایەنی سێمانتیك و پراگماتیك دەدات زیاتر لە لایەنی دروستە .(جمیات،٢٠١٦: ٢٦) .

هەرچی توانستی دەروونییە ئەوە بایەخ بەلایەنی چۆنییەتی بنیاتنان و دەربڕینی وتنەکان لەلایەن قسەکەر و چۆنییەتی تێگەیشتن و شیکارکردن و لێکدانەوەی وتنەکان لەلایەن گوێگرەوە دەدات .

بەو پێیە تیۆری سینتاکسی ئەرکی جەخت لەسەرسێ ئاستی ئەرکی زمان دەکات(المتوکل ،٢٠٠١ : ١٩٥) :

١- ئەرکی سێمانتیکی: لەسەر بنەمای پێوەندی واتایی نێوان کەتیگۆریە فەرهەنگییەکانی ڕستەکانی دەق فەراهەم دەبێت .

٢- ئەرکی دروستەیی: جەخت لەسەر ئەرکی ئەرگویمێنتە سینتاکسییەکانی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە دەکات لە کایەیدەدەق ئەدەبیدا .

٣- ئەرکی پراگماتیکی: کار لەسەر ئەو دەوروبەرە دەکات، کە زمان تێدا بەکاردەهێنرێت بەمەبەستی بەجێگەیاندنی ئەرکی پێوەندیکردن و گەیاندنی مەبەستی شاراوەی وتنەکان .

ئەرکی زمان لە دەقدا جیاوازە وەك ئەرکی زمان لە دەرەوەی دەقدا، هەرچەندە بەشێکی زۆری زمانەوانان بۆچوونەکەی هالیدای بە پەسەند دەزانن، بەوەی دەق یەکەیەکی سیمانتیکییە بەڵام ئەم توێژینەوەیە ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە ئەرکی زمان لە دەقدا بەپێی تیۆری سینتاکسی ئەرکی یەکلادەبێتەوە، چونکە تیۆرییەکە لەسەر هەرسێ جۆری ئەرکی زمان( ئەرکی دروستەیی کە خۆی لە ئەرکی سینتاکسی کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکاندا دەبینێتەوە لەدەقدا ، ئەرکی سێمانتیکی،ئەرکی پراگماتیکی ) کاردەکات لەڕستەدا . بۆنموونە گەر بڕوانینە دەق ژمارە(١)و (٢) بەتەواوی ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ، چونکە هەرسێ ئاستی ئەرکی لە ڕستەکاندا هەن :

١- ئەرکی دروستەیی ، ڕستە پیکهێنەرەکانی دەقەکان و کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان و ئارگویمێنتە سینتاکسییەکانی ڕستەکانی دەقەکان دەگرێتەوە، دیاریشە دروستەی دەقی ژمارە (١) دووجۆر ڕستە لەخۆدەگرێت(ڕستەی ئاڵۆز، کە لە ڕستەی سەرەکی و ڕستیلەیەك یان زیاتر پێکدێت) بۆزیاتر بڕوانە(مەحوی، ٢٠٠١) و (مەعروف،٢٠٠٩) و (ڕستەی مەرج ، کە لە ڕستەی مەرج و ڕستەی وەڵامی مەرج پێکدێت) وەك لە هێڵکاری ژمارە(١)دا دیارە :

هێلکاری ژمارە(١)




لەکاتێکدا دروستەی دەقی ژمارە(٢) ڕستەیەکی لێکدراوە و لە سێ ڕستەی سادە ڕۆنراوە، بەم شێوەیە :

هێڵکاری ژمارە(٢ )




دەشکرێت ، شیکردنەوەی زیاتر بۆ دروستەی هەریەکێك لە ڕستەئاڵۆزەکە و بەشەکانی ڕستەکە و هەر سێ ڕستەسادەکەی قاڵبی ڕستە لێکدراوەکە بکرێت و ئارگویمێنتە سینتاکسییەکانی (بکەر و بەرکار وتەواوکار ، کردار) ی ڕستەکان دەستنیشان بکرێت بە پێی تیۆری پێویست، بەڵام ئەم توێژینەوەیە بەپێویستی نازانێت بچێتە

ناو ئەو وردەکاریيانەوە . چونکە توێژینەوەکە کار لەسەر بنیاتی زمان پەیوەست بە واتاوە دەکات .

٢- ئەرکی سێمانتیکی : سەرچاوەیەکی گرنگی واتای سێمانتیکی واتای کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی ڕستەیە، بەو پێیەی دەق لە ڕستەیەك یان چەند ڕستەیەکی بەدوادایەکهاتوو پێکدێت، کەواتە واتای سێمانتیکی دەقەکە وابەستە دەبێت بە واتای یەکە پێکهێنەرەکانییەوە، بایەخی تەواوسێمانتیکی دەقیش (ناولێنانێکی گشتی و فراوانە بۆ هەوڵەکانی لێکۆڵینەوە لە زانستی زمانی دەقدا قورسایی سەرەکی بۆبەدەستخستنی مەرجەکان و یاساکانی پێکهێنانی واتای دەقە ) ( مەحوی، ٢٠٠٩ : ٩٤ ) ، بڕوانە دەقی ژمارە(١)، کە بەپێی پێوەندی گراماتیکی و سێمانتیکی نێوان کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان و لەڕێی ئەرگویمێنتە سینتاکسییەکانی دەقەکەوە کە لە هێڵکاری ژمارە(١ )دا خراوەتەڕوو ، شاعیر پەیامێکی ئەویینداری قوڵ بە خۆشەویستەکەی دەگەیەنێت، واتاکانیش لە واتای فەرهەنگی و بنەڕەتی وشەکانەوە سەرچاوەدەگرن .

دەقی ژمارە (١)

واهەست دەکەم دڵم دڵێتری تیایە

ئەگەر بای .....

لەناوهەردوو دڵەکەمدای

دیوانی لەتیف هەڵمەت ل١١٢

٣- ئەرکی پراگماتیکی : ئاستی سێیەمی کارکردنی تیۆری سینتاکسی ئەرکی لەسەر ئاستی پراگماتیکە، واتای پراگماتیکیش لەبەکارهێنانە جیاوازەکانی زمانەوە سەرچاوەدەگرێت، یەکێك لەو بەکارهێنانەش دەکرێت، دەق ئەدەبی بێت، زیاتریش لە سیمای دیالۆگ و مۆنۆلۆگدا بەرجەستەدەبن،((شیعر بە هاریکاری ڕایەڵەکانی زمان لە شتێکی خوڵقاوەوە بابەتێکی دروستکراوی دیکە بنیاتدەنێت، لەڕێگەی زمانی تایبەتەوە واتا فەرهەنگییەکەی ون دەکات و واتایەکیتری پڕ لەدەلالات بەسروشتێکی تایبەتەوە پێکدەهێنێت))(مەحمود، ٢٠٠٩ ٩). لەوڕووەوە سەرباری ئەرکی دروستەیی دەقی ژمارە(٢) کە لەهێڵکاری ژمارە(٢)دا خراوەتەڕوو ئەرکی پراگماتیکیش دەگەیەنێت .

دەقی ژمارە (٢)

چرا

با چرایەك داگیرسێنین

تا بزانین

کاممان دیارنین

دیوانی لەتیف هەڵمەت ل١٢٦٧

لە دەق(٢)دا سەرباری ئەرکی دروستەیی ئەرکی سێمانتیکی، کە لەڕێی پێوەندییە گراماتیکیی و سێماتنیکییەکانی دەقەکەوە بەدەست دێت، واتاگەلێکی بەخشکە دەربڕراو دەگەیەنێت، تێیدا قسەکەر ئاڵنگاری گوێگر دەکات بەوەی (ئایا دەتوانی ڕاستی خۆت بخەیتە ڕوو؟ ئایا بوێریت و توانای ڕووبەڕووبوونەوەت هەیە تۆ ئەگەر بروسکەی هەروەها واتایەکیتری دەقەکە ئەوەیە، کە قسەکەر بەگوێگر دەڵێت ڕاستییەکان لەڕووبەڕوبوونەوەدا دەردەکەون) . هەموو ئەمانە واتای شاراوەن و بەپەنهانی دەردەبڕڕێن، هیچ پێوەندییەکیان بە واتای سێمانتیکی یەکە زمانییەکانی دەقەکەوە نییە، واتە ئەوانە واتای پراگماتیکیین و جیاوازن لە واتای فەرهەنگی و بنەڕەتی وشە و ڕستەکانی دەقەکە و بەپێی دەوروبەری جیاواز دەقی ژمارە(٢) دەیگەیەنێت .

بایەخدان بە ڕۆڵزمان و بنیاتی زمان لە دەقی ئەدەبیدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، لەسەردەمی گریکییەکانەوە دەست پێدەکات و هیندییەکان و ڕۆمانەکان عارەبەکان و تا زمانەوانی نوێ بەردەوامی هەیە، ئەفلاتون لە کۆمارەکەیدا لەسەر شیعر و شاعیر دەدوێت، ئەو فەیلەسوفە هەرچەندە جێگەی شاعیران لە کۆمارەکەیدا ناکاتەوە بەڵام بەلایەوە ،شاعیران بەهۆی وشە و ڕستەکانیانەوە ڕەنگی گونجاو دەدەنە هەر هونەرێك بیانەوێت، ڕەنگ و بۆی هونەرەکە وادەکات کاریگەر و سەرنجراکێش بێت (عبدالعزیز ، ١٩٨٣ : ٢٤٨ )، ، هەروەها ئەرستۆ لە کتێبی( هونەری شیعر )دا ئاماژە بۆئەوە دەکات ، باشی زمان لەڕوونیدایە ، نەك لە بێکەڵکی و لاوازییدا، زمانی باڵا ئەوەیە، وشە و زاراوەی نەزانراو یان نامۆ یان میتافۆر و وشەی ئاڵۆزو دەربڕینی ناباوی تێدا بەکاربێت، بەلای ئەرستۆوە بوونی وشەی نامۆ و نەزانراو جوانکاری و ئالاو والایی لە دەربڕیندا زمان لە لاوازی و بێکەڵکی ڕزگاردەکات . زمان لە شێوەسادەکەی و لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەوە بە ئاڵۆزکردن و درێژکردنەوە و دەستکاریکردنی وشەکانییەوە دەگوێزرێتەوە بۆ زمانێکی جیاوازو تارادەیەکیش ڕوون، بۆیە شاعیر پێویستە ئەو جۆرە زمانە بەکار بهێنێت، کە بناغەیەکی پتەوی شیوازیشە (محمد ، ٢٠١٠ :١٩ ) .

دەقی ژمارە (٣)　　　　بەفر

تۆ کۆمەڵێ بەفری

بەفری ژەنگن

بەفری کرماوی

بەفرگڵاو

تەنانەت دڵیشت

خوا لەبەفر دروستیکردووە

بەفری ڕق و کینە

بەفری ڕەش ڕەش

وەك کۆشکی سپی ئەمریکا دیوانی لەتیف هەڵمەت ل ١٢١٤

لە دەقی (٣ )دا فریزەکانی (بەفری ژەنگن ، بەفری کرماوی ...تد) کۆمەڵێك دەربڕینی نامۆ و ناباون بەلای خوێنەر یان بیسەرەوە، کە لەڕووی زمانەوانییەوە بۆ نەبوونی ڕێکەوتنی واتایی نێوان کەرەستەکانی فریزەکان دەگەڕێتەوە(محمد، ٢٠١٣ : ٥١)، هەر ئەو نامۆیی و ناباوییە دەبێتە مایەی زیاتر سەرنجڕاکێشان و جێی تێڕامانی خوێنەر و کاریگەری زیاتری دەبێت .

بەشێك لە زانایانی عارەب وای بۆ دەچن، کە تێگەیشتن لە سینتاکس تەنها لەڕێی کتێبەکانی ئەو زانستەوەنییە بەڵکو لە ڕێی ئەو لێکدانەوانەوەیە کە بۆ شیعر و ئەدەبیات کراوە( حماسە ، ٢٠٠١ : ١٧ ) ، ئەمەش ڕۆڵی دەقە ئەدەبییەکان بەتایبەتیش شیعر لە گەشەکردنی زماندا دەخاتەڕوو، وەك چۆن جوان بەکارهێنانی زمان ئێستاتیکای دەق فەراهەم دەکات. دەقی ئەدەبی بەلای زانایانی عارەبەوە خاوەنی دروستەی زمانیی تایبەتە بەخۆی، ئەو دروستەیە دوو جۆری سەرەکییە، یەکەمیان لە پێوەندی نێوان یەکە پێکهێنەرەکانی دەقەوە سەرچاوە دەگرێت، دووەمیان پێکهاتەی دەقەکەیە وەك یەکەیەکی یەکگرتوو، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە دەق بەدەر لەوەی کەرەستەی زمانەوانی بێت بەگشتی، دەشکرێت، سینتاکسێکی تایبەت بەخۆی هەبێت ( سەرچاوەی پێشو : ٦٧ ). هەر ئەم دۆخەیە تیۆریی سینتاکسی ئەرکی جەختی لەسەردەکاتەوە .

شاعیران بەشێوازی جیاواز لە خەڵك مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکەن، ئێستاتیکای دەق لەجوانی و نەخشێنراوی زمانەکەوە سەرچاوەدەگرێت، بەکارهێنانی زمان لای شاعیر جیاوازە، لەم ڕووەوە ئەدۆنیس پێی وایە زمان تەنها دروستە و بنیاتێك نییە، خاوەنی بوونێکی ڕەهاو نەگۆڕ نییە، بەڵکو زمان دەگۆڕێ و گەشەدەکات، ڕۆڵی شاعیریش لەو دۆخەی زماندا زۆرەردەکەوێت، چونکە توانای هەیە بەرگی نوێ بە بەر وشەو زاراوەکاندا بکات، وشەکۆنەکان بەمەبەست و دەلالاتی نوێ بەکاربهێنێت، ڕەهەندی نوێیان پێببەخشێت (عیزەدین ، ٢٠١٠ ، ٢٠٧ )، ئەمەش ئێستاتیکای دەق فەراهەمدەکات و زمانی شیعر لە زمانی ئاخاوتن و خودی شاعیریش لە خەڵکی جیادەکاتەوە. وەك لە دەقی ژمارە (٤) دا دیارە. کە شاعیر بەبەکارهێنانی

هەندێ وشەی سەرنج ڕاکێش و کۆنی وك (گلارە ، گوێچکە)، کە دوو وشەی شێوەزاری گەرمیانن و یەکەمیان بەمانای بینایی دێت و دووەمیان بەمانای (گوێ) دێت و هەروەها هەندێ دەربڕینی وەك ( گوڵ و موڵ ... )بەکارهێناوە و زیندویی پێبەخشیون و بوونەتە سەرچاوەی جوانی دەقەکە .

لە زمانەوانی نوێدا و بەتایبەتی لە قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەری بەڕابەرایەتی (ف.دی.سۆسێر ) و قوتابخانەی ئەرکی کە لە زنجیرەپڕاگی زمانەوانییەوە سەرچاوەیگرت، ڕۆڵی بنیاتی گراماتیکی ( وشە و ڕستە ) و پێکەوەهاتنی وشەکان لە قاڵبی یەکەی زمانی گەورەتردا لەهەردووجۆری پەیوەندی سینتاگماتیك( syntagmatic) و پارادگماتیکیدا (paradigmatic)و ئەرکی بنیاتی زمان لە گەیاندنی واتای جیاوازدا خراونەتەڕوو (محمد ، ٢٠١٣ : )، هەروەها جەخت لەسەر کاری ئەدەبی کراوەتەوە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ، کە پێکهاتەیەکی زمانییە پێش ئەوەی هەرشتێك بێت. یەکێك لەکارە هەرە دیارەکانی گروپی( ئۆپۆچاز )کە گروپێك بوون لە فۆرمالیستە ڕووسەکان، دژایەتیکردن و ڕەتکردنەوەی ڕەمزگەراییەکان بوو ، بە پاساوی ئەوەی وشە و زمانی شیعری کۆتوبەند دەکەن، بۆیە پێیان وابوو پێویستە زمانی شیعر لەهەژمونی ڕەمزگەرایی ڕزگاربکرێت، بەبۆچوونی فۆرمالیستەکان وشە تەنها ئامرازێك نییە بۆ دەربڕین، بەڵکو خودی بەرهەمی ئەدەبی لە وشە پێکدێت، بەمەش مەحکومی هەموو ئەویاسایانە دەبێت، کە حوکمی زمان دەکەن، کارکردنی شاعیر لەزمان بەلای فۆرمالیستەکانەوە وەك کارکردنی مۆسیقایە لەسەر دەنگ و ئاواز و هونەرمەند لەسەر ڕەنگەکان، بەمەش ئەدەب بەلایانەوە دیاردەیەکی زمانیی هێمابەندە، کاری ئەدەبی بەلای فۆرمالیستەکانەوە کارکردنە لەسەر زمان نەك نواندنی واقیع، فۆرمالیستەکان سەرەتا بە شیکاری دەقی شیعری دەستیانپێکردو ئاستەکانی دەنگی گشتی و دەنگی زمانییان لێکجیاکردەوە و دواتر کێشەکانی مۆسیقا و کێش و عەروزیان دیراسەکردو بەوردی پێوەندی ئەو ڕەگەزانەی شیعریان بە ئاستەکانی وشەسازی سینتاکس و واتاسازییەوە دیراسەکرد(فضل،١٩٩٨: ٤٠)، بەبۆچوونی فۆرمالیستەکان زمان وەك هەردیاردەیەکیتری دەوروبەرمان لەئەنجامی زۆر بەکارهێنان دەسوێت، بۆیە ئەرکی ئەدەبە زمان لەو دۆخە ڕزگاربکات و زمانێکی زەقکراوە فەراهەمبکات ( کانەبی ، ٢٠٠٩ : ٢٨ )، وەك دەقی ژمارە(٤) .

دەقی (٤) کانی

ئەو کانییە

بۆ وا خاو و خلیسك دەڕوا

بۆ نازانێ چەند کچۆڵە و

چەندین هەزار گوڵ و موڵ و

چەندین ملیۆن گیا و درەخت و

چەندین بلیار باڵندە و مەل

سەدەیەکە گلارەیان نەنوستووە

هەرهەموویان گوێچکەیان بۆ

ترپەترپی گۆچانە زیوینییەکەی ئەو

هەڵخستووە

دیوانی لەتیف هەلمەت ل ١٣٣٣

زنجیرەی پراگی زمانەوانی، تێڕوانینێکی جیاوازی بۆ ڕۆڵی زمان لە دەقی ئەدەبیدا هەبوو، بەلای زانایانی زنجیرەی پراگەوە، کە لەڕوانگەی ئەرکەوە لە زمانی شیعریان دەکۆڵییەوە لایەنی ئێستاتیکای دەق بە ئاوێزانی هەردوو لایەنی جوانی و زمانیی فەراهەمدەبێت، لەم ڕووەوە جاکۆبسون بۆ یەکەمجار دیراسەیەکی پێشکەشکرد، کە بەراوردی لەنێوان شیعری ڕووسی و چیکیدا دەکرد و تێیدا بەهای دەنگیی شیعر و پێوەندی بەواتاوەی خستەڕوو (سەرچاوەی پێشو ٧٥ ) .

١-٣-زمانی شیعری و بنیاتی دەق :

شیعر خاوەنی زمانێکی تایبەتە، زمانی شیعری لەڕووی بنیات و واتا و شێوازەوە جیاوازە لە زمانی ئاخاوتن، فەراهەمکردنی ئەو جۆرەی زمان تایبەتە بەشاعیران و ئەدیبان، مامەڵەی تایبەتی شاعیران لەگەڵ زماندا وادەکات هەست و سۆزو ئەندێشە ببنە هەوێنی زمانەکە و دەرئەنجام زمانێك بەرهەم بێت، بەلای خوێنەر یان بیسەرەوە نوێ و جیاوازبێت، واتای شیعریش بەشێکیتری بەرهەمەکەیە، هەڵگری پەیام و ئامانجی تێکستەکەیە،

لەمڕووەوە بەلای بەشێك لە زمانەوانانەوە گوتەکانی شیعر وەك سروش و واتاکانیشی سیحرن، دیارە ئەم دوو سیفەتەش دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی بابەتێك لەفۆرمدا جوان و لە ناوەرۆکدا ڕوون و کاریگەربێت . ( قادر،٢٠١١ ، ٣٨ ).

زمانی شیعری بنیاتی زمانە لە ناو زماندا، وشە لە شیعردا کۆت و بەند ناکرێت و دەلالەت لە واتایەکی دیاریکراو ناکات، سیستمی زمان لە شیعردا سیستمێکی هێمایی نوێیە جیاوازە لە سیستمی گشتی زمان لەدەرەوەی ئەدەبدا، تێگەیشتن لەو سیستمە نوێیەی ناو کایەی شیعر و ئەدەبیات وابەستەیە بەبارسایکۆلۆژی و سۆسۆلۆژی خوێنەر، بیسەر و وەرگرەوە، هەرچەندە بەشێك لە ڕەخنەگران شیکردنەوەی سۆسۆلۆژی بۆ داهێنانی ئەدەبی و ئەرکەکانی نووسەر ناکەن بەلام بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانە بەلای زانایانی کۆمەڵناسیەوە شاکارە ئەدەبییەکان بابەتێکی سۆسۆلۆژین چونکە خوێنەر دەگەیەننە ئاسۆیەکی ڕوحی و جیهانێکی بێسنوور، کە تاکەکەس نمونەی بالای خۆی تێدا دەبینێتەوە (کەریم ، ٢٠١٣ :٢٤ ) . وەك لە دەقی ژمارە(٥)دا دیارە، کە بێگومان ڕۆڵی سایکۆلۆژیا و سۆسۆلۆژیای تاك کاریگەری زۆری لەسەر شرۆڤەی واتایی دەقەکە هەیە .

دەقی ژمارە (٥)

کەس نازانێ
پەردەی پەنجەرەی ماڵەکان
بێتەزمان
چی دەڵێ
دیوانی لەتیف هەڵمەت ل ١٣٢٧

هامبۆلت زمان تەنها وەك فۆرمێك نابینێت، کە بناغەی بەرهەمێکی ئێستاتیکی بێت، بەڵکو وزە و توانایەکی دینامیکییە، بەکارهێنەرانی زمان گەشەی پێدەدەن، چۆمسکیش پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکات، بەوەی نەك تەنها لەدەقدا بەڵکو میکانیزمەکانی بەکارهێنانی زمان وادەکات، ئاخێوەر و بەکارهێنەرانی زمان دەربڕاوی ئەدەبی و نائەدەبی بەرهەمهێنن، دیارە ئەمە تێڕوانینێکی زمانەوانییە بۆزمان، کە زیاتر جەخت لەسەر توانای ئاوەز دەکاتەوە نەك ئێستاتیکا ( کارل ،٢٠٠٣ :٤٨ ) . لەم ڕووەوە ئەدۆنیس بۆچوونی وایە، زمان تەنها بنیاتێکی ڕەها نییە، بەڵکو پێویستە ملکەچی ڕاستییەکانی مرۆڤایەتبێت، کە مەبەستێتی گوزارشتیان لێبکات، بەمەش زمان نابێتە سیستمێکی ئامادەکراو بەڵکو زمان فەراهەمدەکرێت و گەشەدەکات، ڕۆڵی شاعیریش بەکارهێنانەوەی وشە کۆنەکانی زمانە بۆمەبەست و ناوەرۆکی نوێ .( عیزەدین ،٢٠١٠ : ٢٠٧ ) . هەر لەم ڕووەوە بەپێی بۆچوونی مێشیل فۆکۆ ئەو واتایەی درکی پێدەکەین و ڕاستەخۆ لێیدەگەین ڕەنگە لاوازترین واتای وشە بێت، دەکرێت لە کایەیدا واتایەکی تری شاردبێتەوە و بیشیگەیەنێت، پێدەچێت ئەو واتا شاراوەیە واتا بەهێزەکەی وشە و دربڕراوەکە بێت، درك نەکردنی هەموو کەس بە واتا نوێیە شاراوەکە بۆ بەکارهێنان و تەوزیفکردنی وشەکانی زمان دەگەڕێتەوە بەشێوازێکی نائاسایی نوێ و نامۆ لەلایەن شاعیرانەوە.(قادر ، ٢٠١١ :٥٣ ) . وەك لە دەقی ژمارە (٦)دا دەردەکەوێت :

دەقی ژمارە ( ٦ )

لاوانەوەی شاعیرێك
منم .... منم
لە قوڵایی دەریایەکی وشك و زردا
خەریکی ماسی گرتنم
لە پایزی بیابانێکی بزردا
بۆیەك تەڵی نێرگز ونم
منم ....منم
دیوانی لەتیف هەڵمەت ل ٨٨

زمانی شیعری خاوەنی تایبەتمەندییەکە جیای دەکاتەوە لە زمانی ئاخاوتن و بەڵکو لەزمانی پەخشانیش ، زمانی شیعری زۆر ورد و تایبەتە، شیعر گوزارشتکردنە لە هەست و ویژدان و ئەزموونی خودیی بەشێوازێکی باڵا، خاوەنی وێنەی هونەری و ڕەنگاڵەیە، لەڕێی واژە و واتاکانییەوە کاریگەری لە دەروون دەکات، شیعر کۆمەڵێك پێوەندی نێوان وشە و واتا و قاڵبی شعرییە، زمانی شیعری لە شاعرێکەوە بۆ شاعیریکیتر جیاوازە، بەپێی ئەزموونی

شاعیر، چونکە کردەیەکی ئاڵۆز و بیرۆکەی جیاوازە بەپێی کات و شوێن و بابەت دەگۆڕێت . (حاجي ، ٢٠١٥ :) .

زمانی شیعری زاراوەیەکی گشتییە بنیاتی ڕستە لەڕووی سینتاکس و دەنگەوە دەگرێتەوە، هەروەها هونەرەکانی مۆسیقا و وێنەی شیعری لەخۆدەگرێت، زمانی شیعری لای شاعیری داهێنەر زمانێکی زیندووە هەرگیز بەیەك شێواز دەرناکەوێت بەڵکو دەگۆڕێت و کاریگەری لەسەرمان بەجێدەهێڵێت و هەستی چێژوەرگرتنمان پێدەبەخشێت، ئەمە بۆ زمانی شیعری لەتیف هەڵمەت زۆر ڕاستە چونکە شاعیر وەك یەکێك لە دامەزرێنەرانی (گروپی کفری) سەرباری شارەزاییان لە زمانی ئەدەبی کوردی و کاریگەربوونیان بە زمانی ئەدەبی کۆن و نوێی کوردی بەڵام لە ڕووی زانستییەوە ئەوا زمانی ژینگەی منداڵ بەجۆرێك لە ئاوەزدا دەچەسپێت، کە لەگەڵ جێهێشتنی ئەو ژینگەیەشدا تا دوا قۆناغەکانی تەمەن ئەو زمانە لە ئاوەزدا دەمێنێت، ئەوەش دیاردەیەکی تەواو زانستییە، لەبەرئەوە دەبینین، سەرباری ڕوودانی گۆڕانکاری لە زمانی شیعری لەتیف هەڵمەت دوای بەجێهێشتنی کفری و ڕووکردنە کەرکوك و ئێنجا بەغدا و دواتر لەسەرەتاکانی هەشتاکانەوە لە سلێمانی بەڵام وشە و دەستەواژەگەلێکی شێوەزاری گەرمیان وەك( بشێ ، هاورد ، پرووقا ، پاساری ...تد) بە واتا و دەلالاتی کۆن و نوێ و گۆڕاو( عەزیز ، عەبدوڵا ، ١٩٨٩ ) لە شیعریدا بەکارهاتوون، ئەمەش نیشانەی زیندویی زمانی شیعریە و لەڕێی هەندێ لەسیماکانی هونەری شیعر وەك کرتاندن ، لادان ، پێشخستن و جیگۆڕکێ بە یەکە زمانییەکان، کە بە پێوەندییەکانی ناو دەق ناسراون بڕوانە( کاکل ، قەیس ، ٢٠٠٢) دەق ڕەنگاڵەدەکەن و چێژ بە خوێنەر دەبەخشن . زمانی شیعری زمانێکی داهێنەرانەیە، ڕێکییەکەی لە پێکهاتە زمانییەکەیەوە بەدەست دەهێنێت، چونکە شاعیر هێماکاری لە زمانەکەیدا بەکاردەهێنێت، بەشێوەیەك بۆشاییەك و نائارامییەك دروست دەکات، ئەو بۆشاییە زمانی شیعر لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و بەڵکو لەزمانی پەخشانیش جیادەکاتەوە (کوهن ، ١٩٩٣ : ٢٢٧ ) . وەك لە دەقی ژمارە(٧)دا کاریگەری زمانی شیعربدیارە ، چونکە سەرباری ڕەگەزەکانی سۆز و ئاواز ...تد بەڵام ئەوە زمانە شیعرییەکەیە خوێنەر دەوروژێنێت و دەیباتە جیهانێکی ئەفسوناوی پڕ لە جوانی و ئەندێشە .

دەقی ژمارە (٧)        پەیکەرێك لە پشکۆ

گشت ئاوازێکی دەریای ئەو نازە
ئەخاتە دڵم زامێکی تازە
پێم ئەدرکێنێ نهێنی لاوی
ڕازی دەروونی پەست و خەماوی
سەرم سوڕماوە خوا تۆی چۆن نەخشی
ئەو گشت ئەفسونەی چۆن بە تۆبەخشی
بۆچاوت لە کوێ هاوردی ڕەشی
ئەی بۆ ڕوومەتت لە کوێی بوو گەشی .....؟!!
دیوانی لەتیف هەڵمەت ل ٨

جیاوازی زمانی شیعری لای شاعیران شێوازی جیاواز فەراهەمدەکات، ئەمە بەڕوونی لە دەقی ئیرۆتیکدا دیارە، شاعیر بە ستایلێکی تایبەت کە زمان تێیدا ناوەندە، دەقی ژمارە(٨) کە دەقێکی ئیرۆتیکە دادەڕێژێت و هەر زمانەکەشی سەرچاوەی وروژاندن و کارتێکردنە لە خوێنەر .

دەقی ژمارە (٨)        دۆزینەوە

تۆجیهانێکی گەورە گەورەی
من نازانم لە چ شارێکتدا ونم
چۆن چۆنی خۆم بدۆزمەوە
مەگەر لەشت تۆزقال ... تۆزقال بپشکنم
دیوانی لەتیف هەڵمەت ل ١٣٣١

زمانی شیعری زمانێکی دروستکراوە، لادانی تێدایە، لادان لەیاساو ڕێسا و واتا، لادان بەشێوەی هەڕەمەکی نابێت بەڵکو بەشێوەیەکی لۆجیکی دەبێت، بەشێوەیەکە زمانێك بەرهەم دەهێنێت جوانتر لەوەی هەیە، ئەمە تایبەتمەندی زمانی شیعریە ( قادر ، ٢٠١١ ، ٥٥ ) . بەپێی بۆچوونی لیچ لادان لەیاساکان تا ئەو سنورە دەتوانێت بچێتە پێشەوە، کە پێوەندی بنیاتنان تێکنەچێت چونکە ئەوکاتە لەجێی داهێنان هەڵەی زمانیی دێتە ئاراوە، لیچ بۆئەو مەبەستە چەندین جۆر لادان دیاریدەکات : (لادانی لێکسیکی،

شـێوازی، واتـایی، فۆنۆلـۆجی، کاتی.....تـد ،بۆزیـاتر بڕوانـە( کانەبی ، ٢٠٠٩ : ٢٨ ) . وەك دەقەكانی ژمارە (٧و٩) .

بـــەلای چۆمســـكییەوە هـــەموو زمانـــان خـــاوەنی ڕەسـەنایەتىخۆیانن و لـە بـەجێهێنانی كـردەی گەیاندنـدا هـەمان بـەهایان هەیـە، بـەڵام زمـانی شـیعر بـەرزترین و وردترین و ڕەسەنترین بەكارهێنانی زمانە ( فەتاح ، ٢٠١٠ ، ٤٠١ ) .وەك پشـتیوانییەك لـەم بۆچوونـە بەشـێكی زۆری زمانـەوانی كـۆن و نـوێ پێیـان وابـووە پێویسـتە بـە دیـدی زمانەوانییەوە نەڕوانرێتە تێكستی ئەدەبی بەڵكو پێویستە بـەدوای نهێنییـەكانی ئـازادی بـەكارهێنانی زمـان لای شـاعیر بڕوانرێتـە دەق، چونكـە زۆرجـار داهێنانـەكان لـەو ئـازادی بەكارهێنانەی زمانەوە سەرچاوە دەگرن ،(حماسە ، ٢٠٠١ ، ٢٦ ) . چۆمسكی بۆ گوزارشـت كـردن لـەم حاڵەتەزمانییە لێكدانەوەیەكیتری هەیە، ئەو داهێنانـەكان زیـاتر دەداتە پـاڵ شـــاعیر، تەنانـــەت لەلادانـــە شیعرییەكانیشـــدا ( ڕەسـەنایەتی هـەر لـەوەوە نایـەت، مـرۆڤ یاسـاكانی زمانەكەی جێبەجێبكات، بەڵكو هەندێجار لە شكاندن و بەزانـدنی یاسـاكانەوە دروسـت دەبێـت، كەواتە گەر مرۆڤ ئاسـایی تـەنها یـەك توانـای ڕەسـەنایەتی تێـدابێت، ئـەوا شـاعیر دوو توانـای دراوەتـێ، توانـای ڕەسـەنایەتی كـە لـە هـەموو ئاخێوەرێكـدا هەیـە و لـە پیـادەكردنی تـەواوی یاسـاكانی زمانـەوە دێ ، توانـای داهێنـان كـە زیـاتر لـە شاعیردا هەیە و لەبەزاندنی یاساكانەوە سەرچاوەدەگرێت (فـەتاح ، ٢٠١٠ ، ٤٠٣ ) .بۆنمونـە ئـەم لادانـە دەقی (٩) چەندجوانتركردووە :

دەقی ژمارە (٩)　　　ناوم نای : نەی

دەگۆڕانیم بۆبڵێ دەی

خەجە زەڕ چۆن ڕاپێچیكرد گێژی خولیای

لەترۆپكی سیپانەوە خۆی هاویشت و

لەباوەشی سیابەندا چاندی باڵای

دیوانی لەتیف هەڵمەت ل ٥٤١

زمانی شیعری زمانێكی پەسنییە، هاوتای ئەركی شیعر و ڕەهەندە ئێستاتیكایەكەیەتی ، شیعر چارەسەری گرفتەكان ناخاتەڕوو بەڵكو ئەوە بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵێت، تا لەڕێی بنیاتنانەوەی بیرۆكەكانەوە پێیبگات، هەر بۆیە ئیبراهیم خەلیل بۆچوونی وایە، لە زمانەوانی شیعردا كێشەی چڕی خوازە و خواستن و دركە دەبینین، كە كاریگەری لەسەر واتا و دەلالەتی دەق هەیە،( خلیل ، ١٩٩٧ : ٩٨ ) ، بەلای ئەركییەكانەوە گەیاندن و پەیوەندیكردن ئەركی زمانە، لەمڕووەوە جان فێرباس دەڵێت : ( ڕستە كردەیەكە بەرەبەرە هەنگاو لەدوای هەنگاو واتا دەدركێنێ و بە جیا و بە ڕادەیەك هاوبەشی لە كردەی گەیاندندا دەكات )(فەرهادی ، ٢٠٠٣ ، ٩ ) . بەو پێیە هەر ڕستەیەك لە دەقدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە بنیاتی گشتی دەقەكەدا . وەك لە دەقی ژمارە(١٠) دەردەكەوێت، خواستنی واتا و دركە لە ئاستێكی بەرزدایە و ڕستەكان بەدوایەكدا واتای تەواوی دەقەكە دەگەیەنن و خوێنەر ئاشنای دەقەكە دەكەن .

دەقی ژمارە ( ١٠ )　　　ڕووبار نادوێ

بەڵام ئەگەر بێتە زمان

ئەوەندە قسەی جوان دەكا

سەوزەگیا دێ

گوێی لێدەگرێ

دیوانی لەتیف هەڵمە ل١٢٧٢

زمانی شیعری پێنج ڕەهەندی هەیە مۆریس بە ڕەهەندی سێمانتیكی ناویان دەبات، پێكهاتوون لە( بابەتی شیعر) و (قسەكەر) و (گوێگر) ، (زمان) و (سایكۆلۆژیای شاعیر و خوێنەر)، ئەو ڕەهەندانە لایەنی دەروونی شاعیر و دەق و خوێنەر لە خۆدەگرێت بەبێجیاوازی (حاجی ، ٢٠١٥ ). بەهاو واتای گوزارشتەكان مەرج نییە لە ڕیزكردنی كەرەستەكانەوە بەدەست بێت، بەڵكو بەهای تەواوی یەكە زمانییەكان لەو زانیارییانەوە بەدەست دێ، كە دەكرێت بەرجەستە نەبن و لە پشتی دەربڕینەكانەوەبن و زیاتر لە واتای ئیدیەمی و میتافۆری ...تد دا دەبن ، بەوشێوەیەش پرۆسە سایكۆلۆژی و سۆسۆلۆژییەكانی نێوان قسەكەر و گوێگر واتە شاعیر و خوێنەر ڕۆڵیان دەبێت لە دەركەوتنی واتاو دەلالاتی مەبەست لە وتن و دەقەكاندا . ( ئەحمەد ، ٢٠١٨ : ٨٥ ) . هەژمورنی سایكۆلۆژیای شاعیر زۆر بەڕوونی لە دەقدا دەردەكەوێت، ئەمە ئاشكرا لە شیعری هەڵمەتدا دیارە ، شاعیر زۆر

پەیوەست بووە بەدایکییەوە، بۆیە دەبینین لە دەیان دەقدا باسی دایك دەكات. وەك لە دەقەكانی ژمارە(١٤،١٢، ٢٩ ) دیارە .

زمانی شیعری خاوەنی چەند تایبەتمەندییەكە، جیایدەكاتەوە لە زمانی پەخشان ، یان زمانی ئاخاوتن، كە بریتین لە :

١- جیاوازی و لەیەك نەچوون :

جیاوازی زمانی شیعری لە دەستنیشانكردنی پێوەندییەكانی گوتاری شیعردا دەبینرێتەوە و هەوڵی لێكترێككردنەوەیان دەدرێت، شیعر وشەكان رێكدەخاتەوە بەشێوەیەك دەبێتە مایەی سەرنج راكێشان و سەرسورمان، هەندێجاریش جیاوازی و لێكدووری دەگەیەنێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی زمانی شیعر توانای گەیاندنی بەشێوەیەك هەیە و زمانی ئاخاوتن ئەو توانایەی نییە. چەند جیاوازییەكان زۆربێت ئەوەندە زمانی شیعر باڵادەبێت و لای خوێنەریش پەسەندكراو دەبێت(حماسە ، ٢٠٠١ ، ٢١١ ) . وەك دەق ژمارە(١١) .

دەق ژمارە (١١) شاعیر نەبووم بەڵام كاتێ
مەمكی كچان نارنجۆك با
ئەوسا تەنها
كوڕی ئازا
دەیوێرا دەستیان بۆ ببا
چەند كچێكی قۆشمە و چوختی
ناوی شاعیریان پێم بەخشی
دیوانی لەتیف هەڵمەت ل ٦٨٦

٢- سروشكەرایی :

ئاماژەیی جۆرێكە لە ئەركی زمان كە وابەستەی ویژدانە، زمانی شیعری زمانی مەعریفە و زانیاری ویژدانییە زیاتر لەوەی زمانی زیهنی بێت، سروشكەرایی دەق لە شێوەی بڕیارلێدراوەوە دەگوێزێتەوە بۆ ئاسۆیەكی شاعیری و بە ناخی خوێنەردا رۆدەچێت، زمانی شیعری زیاتر هێمایی و ئاماژەییە، بەپێچەوانەی زمانی پەخشان كە زیاتر ڕوون و ئاشكرایە . بۆنمونە دەقی ژمارە ( ١٢ ) كە بەهۆی هەڵقوڵانییەوە لە ویژدانەوە ناخ هەژێنە .

دەق ژمارە ( ١٢ ) دایك
لە كلاوڕۆژنەی ماڵێكەوە ..... منداڵێك
هاواری كرد ....دایە ..... دایە
سەرنج بدەن .... ئەها دایكم
لەناو ئەو هەورەدایە
هەور بازیدا و ڕانەوەستا
لەسەر شووشەی تەڵخی كلاوڕۆژنەكەدا
چەند فرمێسكێك جێما بۆ – با-
من نازانم فرمێسكی منداڵەكەبوو
یاخود شوێن پێی ئەو هەورەی كە بە هایوهۆی
بەشمشێرێكی درێژەوە
بۆ ئەودیوی چیاكەچوو
دیوانی لەتیف هەڵمەت ل ١٣٢٥

٣- پەیوەستبوون :

زمان سروشتی كۆمەڵایەتی هەیە و هۆكاری پێوەندیكردنە، بەڵام زمانی شیعری تایبەتمەندی ئەوەی هەیە، پابەندی ئەزموون دەبێت و هێمایی و ئاماژەییە و لە زمانی ئاسایی و چاولێكەری دووردەكەوێتەوە .

٤- ڕیتم و ئاوازی ڕێك :

ڕیتم پایەیەكی گرنگی شیعر پێكدەهێنێتگرنگی ئەوەوفۆرمیكی دەرەوە تێدەپەڕێنێت، كە زیاتر كێش و سەروا دەگرێتەوە، بە ناخی شیعردا ڕۆدەچێت، ئاوازە دەبێتە دەنگی شاعیر و گوزارشت لە ویژدانی دەكات .(عزالدین ، ٢٠١٠: ٢٨٣ ) .

٥- وێنەی شیعری :

وێنەی شیعری ڕەگەزێكی سەرەكی وگرنگی بنیاتی دەقە، لە هونەرەكانی ڕەوانبێژی لە دركە و لێكچوون و خواستن و ئەندێشە و سۆز..تدسەرچاوەدەگرێت، كە شاعیر لە ڕێیانەوە خوێنەر وابەستەی دەقەكەی دەكات . لەڕووی بنیاتەوە وێنەی شیعری دەكرێت تاك یان لێكدراو بێت ، لەڕووی جوڵەوە دەكرێت وەستاو یان جوڵاو بێت بۆ زیاتر بڕوانە. ( كەریم ، ٢٠١٢ ) . بۆنمونە وێنەی شیعری دەق ژمارە (٧) .

٦- تایبەتمەندی ڕۆنان و بنیاتنان :

ئەم بنەمایە تایبەتە بە ڕۆنانی زمانی ، و لە ١_٣ ئەم توێژینەوەیەدا بەوردی ڕوونكراوەتەوە .

٢_١ : هێما و واتا لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا

٢_٢ : چەمکی هێما

بەشێکی زۆر لە زمانەوانان لەگەڵ ئەو بۆچوونەدان، کە زمان سیستمێکی هێماییە، هەندێکیش زمان بە زانستی هێما دادەنێن، (کارل ، ٢٠٠٣: ٣٣ ) . زانستی هێماش (هێمالۆجی ) ئەو زانستەیە، کە هێما شیدەکاتەوە و لەهەموو جۆرەکانی پێڕەوی هێمایی دەکۆڵێتەوە و پێوەندی نێوان فۆرم و واتای هەموو هێمایەك ئاشکرادەکات، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیە (فەتاح ، ٢٠١٠ : ١١١ ) .

هێما وەك بابەتێك کۆنەو لەسەردەمی گریکییەکاندا باسکراوە ، وشەکەش لای ئەرستۆتالیس بەکارهێنراوەو ( sigm) لە وشەی ( semeion) گریکییەوە هەڵگوێزراوە ( مەحوی ، ٢٠٠٩ : ٢٨ ) . وەك تیۆرییەك سەرەتا لە سەردەستی چارل بێریس (١٨٣٩-_١٩١٤ ) دانرا، دواتر بە کەوتنە دەستی (ولیەم جیمس) بۆچوونەکانی بێریس هەڵی گەشەکردنی زیاتر و ناسینیان بۆ ڕەخسا، بەتایبەتیش دوای بڵاوبوونەوەی دوو بەشی تەواوی کارەکانی( Collected papers) لە نێوان ساڵانی ١٩٣١- ١٩٣٢ ) ،ئەوجا ئەو ڕاستییە سەلمێنرا، کە بێریس تیۆرییەکی تەواوی تایبەت بە هێما دانابوو .(دال ، ٢٠٠٤: ١٩ ) .

هێما، توخمی پێکهێنەری بنچی بنەڕەتی تیۆریی هێمایە (هێمالۆجی)، و بریتییە لە پۆلی نادیاری گشت چشتە پەیپێبراوەکان لەگەڵ هەموو ئەوانەی بۆ پەیپێبردن و درکپێکردنی مرۆڤ لەبارن و مرۆڤ دەتوانێت پەیپانپێببات( مەحوی ، ٢٠٠٩ : ٣٦ ) . بەپێی هەندێك لە بۆچوونەکان، هێما دانانی شتێکە لەجێی شتێکیتر، لە زمانەوانیدا هێمادانان بە شێوەیەکە، وشەکان بەرانبەر بە شتەکان دەبن و دەقیش بەرانبەر بە بابەت(کارل ، ٢٠٠٣ : ٣٣ ) . وەك لە هێڵکاریی(٣)دا دەردەکەوێت.

هێڵکاری ژمارە(٣)




لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم کاری زۆر لەسەرهێما کرا، بەتایبەتی لەلایەن (ف.دی.سۆسێر)هوە بەوردی و لەچوارچێوەی سیمۆلۆژیادا باسی هێما خرایەڕوو (عمر ،١٩٨٢ : ٢٠ ) . سۆسێر لەڕێی خستنەڕووی پێوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراوەوە بیری سیمۆلۆژیا دەخاتەڕوو، بەلای ئەو زانایەوە سیمۆلۆژیا زۆر لەوە فراواترە تەنها باسی هێما و هێمابۆکراو (دال و مەدلول) بێت، هەڵبەت مەبەستی سۆسیر هێمای زمانییە و چۆن وابەستەی هێمای نازمانی وکەرەستە فیزیکی و نافیزیکییەکانی ژینگە دەبن، سۆسێر دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە هەموو یەکەیەکی زمانی خاوەنی دوو قەوارەیە (کییان)ئەوانیش بیرۆکە و وێنەی دەنگین، لەبازنەی ئاخاوتندا ئەو دوو قەوارەیە لەمێشکی مرۆڤدا یەك دەگرن، واتە هەردوو قەوارەکە لەمێشکدان، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە مەبەست لە وێنەی دەنگی قۆناغی فیزیکی دەنگ نییە، (سۆسیر ، ١٩٨٨ : ٨٥ ) . بەو شێوەیە ئەو وێنەدەنگییە هەستیی دەبێت نەك فیزیکی، بەڵگەی سۆسێر بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە ئەوەیە، مرۆڤ زۆرجار لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و قسان دەکات، بەبێ پێویستی گۆڕینی ئەو دەنگانە بۆ قۆناغی فیزیکی، کە کردەی بیستنیش ڕۆڵی لە ئەنجامدانیدا دەبێت (محمد ، ٢٠١٣ : ٥٨ ) . هەرکردەیەکی زمانیش لە مێشکدا دەبێتە کردەیەکی سایکۆلۆژی و دەکەوێتە ژێر کاریگەی پرۆسە سایکۆلۆژییەکانەوە و هەوڵدەدات پێوەندی نێوان بیری مرۆڤ و زمانەکەی بدۆزێتەوە، بۆ نمونە کارلێکی ناوەوەو پرۆسە نادیارەکانی ناوئاوەزی تاك، بۆ زیاتر بڕوانە (مەحمود ، ٢٠١٢ : ٣٦ ). بۆنمونە :

دەق ژمارە (١٣ ) وا هەست دەکەم کە من خۆم
لەخۆمی خۆمدا ونم
لێمتیکچووە
کاممان خۆمم .. کاممان منم
دیوانی لەتیف هەڵمەت ل ١٣٥٧

دەق( ١٣ ) دۆخێکی سایکۆلۆژییە، شاعیر دەدوێت بە بێبەکارهێنانی زمان لە قۆناغی فیزیکیبوونیدا، واتە جۆرە

مۆنۆلۆگێکی ناوەکییە، شاعیر خودی خۆی دەدوێنێت، بەبێپێویستی درکاندنی وێنە دەنگییەکان .

٢_٣_ هێما و نیشانە

لە زمانەوانی کوردیدا تێکچرژانێك لە بابەتی هێماو ئاماژە و نیشانەدا هەیە، چونکە ناوەرۆکی بابەتەکان زۆر تێکەڵن، بەشێوەیەك جیاکردنەوەیان ئاسان نییە و زۆر جار وشەکانی (هێما ، نیشانە ، ئاماژە ) لەجێی یەك بەکارهاتون . بۆ جیاکردنەوەی ئەو چەمکانە بڕوانە ( فەتاح ، ٢٠١٠ ) و ( مەحوی ، ٢٠٠٩ ) و ( فەرەج ، ٢٠٠٠ ) .

مەبەستی نیشانە زمانییەکان زۆرجار پراگماتیکین، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت نیشانەزمانییەکان واتای سیمانتیکی ناگەیەنن، دەستنیشانکردنی نیشانەکان بیروڕای جیاوازی لەسەرە، بەپێی بۆچوونی هالیدای و حەسەن ئەو نیشانانە بۆ سێ گروپ پۆلێن دەکرێن: بۆزیاتر بڕوانە( تەوفیق ، ٢٠٠٢ : ٤٥ ) .

١- گروپی نیشانە کەسییەکان .

٢- گروپی ئامرازەنیشانەییەکان .

٣- گروپی مۆرفێمەکانی بەراوردکردن .

بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی پۆلێنەکەی هالیدای و حەسەن با لەشیکاری دەقەکانی (١٤، ١٥) وردبینەوە:

دەقی ژمارە (١٤)　　هەرچەند تۆ دێی
لانە لە دڵمدا دەکەی
دایکم دێت و لێم دەپرسێ
ئەوە کێیە
کێیە ... کێ ... کێ
دەڵیم کێیە ...
چرایەکە بە وزەی ماچ
دادەگیرسێ
دیوانی لەتیف هەڵمەت ل١٢٧١

دەقی ژمارە (١٥)　　ئای گەر چۆلەکە
زمانی مرۆڤی دەزانی
کێ دەڵێ ئەم هۆنراوەیەی
نەدەکرد بە درێژترین گۆرانی
دیوانی لەتیف هەڵمەت ل ٤٣١

لە دەقەی ( ١٤)دا نیشانەی کەسی(جێناو) و ئامرازی نیشانەیی (ئەوە) بەکارهاتووە، لە دەق ( ١٥) نیشانەی مۆرفیمی بەراوردکردن لە پلەی باڵادا بەکارهاتووە، واتای ئەم نیشانانە پەیوەستە بە ئەو کەس و شتانەوە بۆی دەگەڕێتەوە، واتە تا نەگەڕێنەوە بۆ کەسێك یان شتێك واتاکانیان ڕوون نابێتەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت ئەو نیشانانە واتایین (سیمانتیکی ، پراگماتیکی)و زۆرجار پابەندی یاسا سینتاکسییەکان نابن بەڵکو کاریگەری واتایان لەسەر دەبێت و وەك یەکەی واتایی سەیردەکرێن، چ واتای سیماتنیکی بێت یان واتای پراگماتیکی .

نیشانەواتاییەکان زۆرن ( ئەو ، ئێوە ، ئەوان ، ئەمرۆ ،ئەمە ، ئەوە ، زیاتر ، کەمتر ، بچووکتر ....) . هەروەها هالیدای بۆچوونی وایە تەنانەت هەموو وشە و دانە لێکسیکییەکان ئاماژەیین ( هیوا ، گوڵ ، کتێب، دەرواَت ) لە نیشانە کەسیەکاندا بەشێك لە زمانەوانانی کوردیش ئاماژە بەوە دەکەن، کە ناوی تایبەت و خزمایەتی و نازناو لە گروپی نیشانە کەسییەکانن، بۆزیاتر بڕوانە (فەرج ، ٢٠٠٠: ٧ ) . نیشانەکانیش دابەشدەکرێن بۆ دووجۆری سەرەکی(سەرچاوەی پێشوو) :

١- دەرە ئاماژە Exophoric

٢- دەقە ئاماژە Endophoric

هەرچی دەرە ئاماژەیە، ئەو کەرەستانە دەگرێتەوە، کە ئاماژەبۆ دەرەوەی دەق دەکەن، واتە کەرەستە یان شتە ئاماژە بۆکراوەکە لە دەرەوەی زماندایە، نمونە :

دەرە ئاماژە دەکرێت جوڵەیی و ناجوڵەیی بێت :

١_دەرە ئاماژەی جوڵەیی ، لەگەڵ وتنەکاندا پێویستی بە ئاماژەی پارزمانی هەیە :

دەقی ژمارە (١٦)　　ئەها ئەها ئەو ئەستێرەیە تازەیە
قژ سوور سوورە
ئەها ئەها ئائەو ئەستێرە دوور دوورە
ئەوە گیانی شیرینە دەبێ بەبارانی تیشك
ڕوناکایی دادەچێنێ

لەسراپای ئەم سنووره

دیوانی لەتیف هەڵمەت ل٤٤٧

٢_ دەرەئاماژەی ناجوڵەیی، لەگەڵ وتنەکاندا پێویستی بە ئاماژەی پارازمانی نییە :

دەق ژمارە (١٧)            ئەی هۆنراوە

لە دڵێکدا بۆت دەگەڕێم

کە زمانی تیا کوژراوە

دیوانی لەتیف هەڵمەت ل ٢٠٧

دەقە ئاماژەیش، ئاماژەیە بۆ ئەو کەرەستانەی لە ناو دەقدان . ئەمەش دووجۆرە :

١-   دەقەئاماژەی پێشەوە Anaphora

٢-   دەقە ئاماژەی دەرەوە Cataphora

ئەنافۆر، یان دەقە ئاماژەی پێشەوە، ئاماژەکردنە بۆ کەرەستەیەك، پێشتر لە ڕستە یان دەقەکەدا باسکراوە(محەمەد، ٢٠١٢ :٩ ) . بۆنمونە :

دەق ژمارە (١٨)            ئەو پیرە ژنە پریاسکەیەکی بچووکی

بەکۆڵەوەیە

ئەی ڕێگرەکان لێی نەدزن ئەوە لیرە کۆنەکانی نییە

خۆڵەمێشی گوندەکەیەتی

دیوانی لەتیف هەڵمەت ٧٦٥

کەتافۆر، جۆرە پێوەندییەکە تێیدا هێمازمانییەکانی دەق باسی کەرەستەیەك دەکەن، لەدوای خۆیانەوە ناوی دێت ،(سەرچاوەی پێشوو ) . بۆنمونە :

دەق ژمارە (١٩)            هەموو ڕۆژێك چوون یەك

تاریك نییە خۆر

هەموو ساڵێك چوون یەك زڕ نییە بەهار

هەموو دەمێك چوون یەك دکتاتۆر نییە نیشتمان

هەموو ساتێك چوون یەك شاعیر نییە من

دیوانی لەتیف هەڵمەت ل ١٢٧٠

نیشانە پراگماتیکییەکان، ئەو بەشانەی ئاخاوتنن لەهەندێ باردا پەنایان دەبرێتەبەر، ئەمەش بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری وتنەکان و گەیاندنی مەبەستی دەربڕاوەکان بەئەنجام، هەروەها گەیاندنی کردەکانی لێکگەیشتن لەنێوان قسەکەر و گوێگردا لەڕێی دەوروبەرەوە، دەوروبەریش لەسەر سێ ئاست واتای دەق و گوتراو ڕوون دەکاتەوە(لاینز،١٩٨٦: ٢٢٢) :

١-   ئاستی دەستنیشانکردنی ڕستەکان، گەر لە واقیعدا ڕستە گوترابێت .

٢-   ئاستی ئەو مەسەلانەی باسیان کراوە .

٣-   ئاستی ڕاگەیاندنی ئەوەی ئەو مەسەلانە بە جۆرێك لە هێزی پارازمانی گوزارشتیان لێکراوە .

ئەو مەسەلانەش بەپێی جۆرەکانی دەوروبەر( context) زیاتر ڕوون دەبنەوە، بریتین لە :

١-   دەوروبەری هەڵوێست، ئەو دەوروبەرەیە، کە دەربڕینەکەی تێدا بەکاردەهێنرێت، قسەکەر بە مەبەست وتەیەك ئاراستەی گوێگر دەکات، کە لەگەڵ هەڵوێستەکەدا بگونجێت بەڵکو هەڵوێستەکە واتا پراگماتیکییەکە بە دەربڕاوەکەی قسەکەر دەبەخشێت( معین ، ٢٠٠٥ :٦٦) .

٢-   دەوروبەری (فیزیکی) شوێن، دەکرێت بەپێی شوێنی بەکارهێنانی زمان، واتای پراگماتیکی فەراهەم بێت، بێگومان کات و شوێنی ئاخاوتن ڕۆڵی لەو جۆرە واتایانەدا دەبێت، کە لە جۆری فیزیکین . (محەمەد ، دارا حەمید ،٢٠١٣: ٥٤)

. بۆنمونە:

دەق ژمارە (٢٠)            هەرچوار دەورمیانکرد بە دیوار

نەیانزانی هۆنراوە

وەك چۆلەکە لەپەناوە

ماچەکانم دەبا بۆیار

نامەكانم دەبا بۆشار
دیوانی لەتیف هەڵمەت ل٩٥

لە دەق (٢٠)دا ئەوەی مەبەستی شاعیرە و ئاماژەی بۆ دەكات شوێنە، چونكە شوێنی مەبەست كە (بەندینخانە)یە واتای كاریگەر بە دەقەكە دەبەخشێت و گوێگر یان خوێنەر دەورووژێنێت . بەبێئەوەی ئاماژەشی پێبكات، ئەوە دەوروبەرە ئەو واتایە دروست دەكات .

٣- دەوروبەری مەعریفی (ئەبستیمی Epistemic) .

ئەم جۆرە دەوروبەرە پشت بە مەعریفە و پاشخان (باكگراوند)ی زانیاری هاوبەش و كلتوری هاوبەشی نێوان قسەكەر و گوێگردەبەستێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایانەش واتای پراگماتیكی فەراهەمدەبێت (مەحمود ، ٢٠٠٩: ١٦ ). بۆنمونە :دەق(٢٢) .

٤- دەوروبەری زمانیی، ئەم جۆرە دەوروبەرە پشت بە پرۆسەگراماتیكییەكانی(فۆنۆلۆژی ،مۆرفۆلۆژی ،...) دەبەستێت، پێویستە لەم جۆرە دەوروبەرەدا قسەكەر و گوێگر دەسەڵاتی تەواویان بەسەر زمانەبەكارهاتووەكەدا هەبێت، گەرنا پرۆسەی پێوەندیكردن تەندروست نابێت و دواجار واتای پراگماتیكیش فەراهەم نابێت . بۆ زیاتر بڕوانە (لوشن ، نور الهدی ،١٩٩٥)(معین،٢٠٠٥). وەك:

دەق ژمارە (٢١) كەو باڵی گرت
شەوێ پەنجەرەكانی شكان
بانگی لێكرد كچی سوڵتان
بۆ كوێ دەڕۆی ئەی كەوی جوان
كوێ لە كۆشم گەرمترە !!!!
چی لەم كۆشكە بەرزترە ؟
كەوی فێرە بەفری كوێستان
وتی لوتكەی چیاكانی كوردستان
دیوانی لەتیف هەڵمەت ل٩٤

٥_دەوروبەری دەروونی، كاری ئەم جۆرەی دەوروبەر زیاتر لە زمانەوانی دەروونیدایە، پەیوەستە بە دەوروبەرێكەوە كە لەبار و شیاوە بۆ فێربوونی زمانی دووەم و كار لەسەر ئەو واتا دەرونییانە دەكات، كە قسەكەر مەبەستێتی لای گوێگری بوروژێنێت (مەحمود ،٢٠٠٩: ١٧٩ ). دەوروبەری دەروونی بەپێی كەس و باری دەروونی قسەكەر فەراهەم دەبێت، چونكە ئاخاوتن ڕەنگدانەوەی دۆخی دەروونی (هەڵچوون و داچوون)ی قسەكەرە (محەمەد،٢٠١٣: ٥٥) . بۆ نمونە :

دەق ژمارە (٢٢) زۆر بەكورتی
وەكو دەرهێنەر گوتی
لە دوابەشی شانۆكەدا
شۆڕشگێڕ بوو بە بازرگان
بەزیوێك بوو بە پاڵەوان
دیوانی لەتیف هەڵمەت ل ١١٧٢

لە زمانەوانی كوردیدا نیشانە پراگماتیكییەكان بەپێی واتاكانیان پۆلێن دەكرێن . بۆ زیاتر بڕوانە (فەرەج ، ٢٠٠٠، )(مەحمود ، ٢٠٠٩ ):

١- نیشانە كەسییەكان
٢- نیشانەكانی شوێن
٣- نیشانەكانی كات
٤- نیشانەكۆمەڵایەتییەكان

١- جێناوە كەسییەكان:(جێناوە كەسییەكان وەك نیشانەی پراگماتیكی كاردەكەن، ڕۆڵی هاوبەشەكانی ئاخاوتن لەوبارەدا تۆماردەكەن، كە گوتنی تێدا دێتە ئاراوە )(فەرەج ، ٢٠٠٠ : ٤٣ ) . لەم بارەدا جێناوە كەسییەكانی یەكەم و دووەم بەكار دەهێنرێت بەم شێوەیە :

جێناوی كەسی یەكەم، ئاماژە بۆ قسەكەر دەكات، جێناوی كەسی دووەم ئاماژە بۆ گوێگر دەكات، جێناوی كەسی سێیەم ئاماژە بۆ قسەلەسەركراو دەكات، وەك :

دەقی ژمارە (٢٣ )                لەخەونمدا

تۆ سنوقێکی داخراوبوو

من بە کلیلێك دەمکردیتەوە بەشیکردنەوەیەکی فرۆیدیانە

ئەمە کارێکی ئیرۆسیە

دیوانی لەتیف هەڵمەت ل١١٢٤

قسەلەسەرکراو زۆرجار لە دەرەوەی بازنەی ئاخاوتندایە و قسەکەر و گوێگر باسی دەکەن . وەك :

دەقی ژمارە ( ٢٤)    خۆشەویستم

کاتێ ویستم

بێم بۆلات

قاچمیان بڕی

دیوانی لەتیف هەڵمەت ل١٠٨

هەندێجاریش وارێکدەکەوێت، قسەلەسەرکراو لەکاتی ئاخاوتندا ئامادە دەبێت و لەو کاتەدا بەجێناوەکانی نیشانە (ئەوە ، ئەمە ، ئەم ) ئاماژەیان بۆ دەکرێت، بە بۆچوونی هالیدای دەکرێت، تەنانەت ناوە تایبەت و گشتییەکانیش ببنە نیشانەی پراگماتیکی و ئاماژەیان بۆ بکرێت ، بۆنموونە :

دەقی ژمارە ( ٢٥)   لەوشارەی (قازی) یان تیا دا لە دار

شەوێ لە گوندێ دوورە شار

منالێك بووە مامۆستای هاوڕێکانی و

- دەنکە بەڕوو لەکوێ دێن ...؟

- لەچیاوە ...

- شەستەباران لە کوێوە دێ ؟

- لەدەریاوە

- ئێ .. ئەی ماسی

- لەدەریاوە

- ئەی(قازی)یان بۆ هەڵواسی ؟

- ((لەوکاتەدا تارماییەك دەرکەوت کەم کەم

منداڵەکان وابێدەنگبوون

دەتگوت کەسیان نەزمانیان هەیە نەدەم )) .

دیوانی لەتیف هەڵمەت ل ٤٩٨

لە دەق(٢٥ ) قسە لەسەرکراو (قازی)یە و بەپێی بۆچوونی هالیدای دەکرێت، وەك ناوێك وەك نیشانەی پراگماتیکی دابنرێت .

٢- نیشانەکانی کات و شوێن : کات و شوێن دوو بنەمای گرنگن لە بەکارهێنانی زماندا و هەرگیز لێینابنەوە، کاریگەری ئەم دوو بنەمایە لە زماندا لەسەر دووئاست دەبێت :

ا_ئاستی سیمانتیکی زیاتر لە کردەی ڕاپەڕاندندا وەك بەشێك لە کردەی ئاخاوتەیی(speech act )دەردەکەوێت. وەك دەق(٢٦) :

دەقی ژمارە (٢٦ )                ناوم نای : نەی

دەگۆرانیم بۆبڵێ دەی

دیوانی لەتیف هەڵمەت ل ٥٤١

ب- ئاستی پراگماتیك : کات و شوێن دووبنەمای گرنگن لەفەراهەمکردنی واتای پراگماتیکیدا. بۆنمونە لەکردەی ڕاپەڕاندندا کردەکانی ڕەوشت و هەڵسوکەوت وەك کردەیەکی پراگماتیکی دەردەکەون، بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان . لەوجۆرە کردانەش کردەی تورەبوون و پۆزش [illegible] سوپاس گوزاریکردن (محەمەد ،٢٠١٢: ٨٣) : بۆنموونە :

دەقی ژمارە (٢٧ )  گەر ئەمتوانی شیعری هەموو شاعیرە.....

سەد ... ڕووەکانم دەسوتان

ئەم زەوییەم دەردەهێنا

لەژێر چنگدرۆی هەزار

شاعیرۆکەی بازرگان....

دیوانی لەتیف هەڵمەت ل١٧٥

٣- نیشانە کۆمەڵایەتییەکان: یەکێك لەو تیۆرییە زمانیانەی بایەخێکی زۆریان بە نیشانە کۆمەڵایەتییەکان داوە، تیۆریی ئەرکییە، بۆچوونەکانی ماتسیۆس و فیرث و هالیدای و ...تد کاریگەری دیاریان لە خستنەڕووی پێوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ هەیە، بەلای ئەرکییەکانەوە زمان دیاردەیەکی ئەرکییەو یارمەتی مرۆڤ دەدات لە کردەی پێوەندیکردن و بەردەوامی لە پێوەندیکردندا٠ (کانەبی ٢٠٠٩، : ٢٢) . دیاردەکۆمەڵایەتییەکان بەڕادەیەك بەناو زماندا ڕۆچوون، کە کاریگەریان لەسەر پێڕەوی زمانیش هەیە( ڕەگی زمان درێژ دەبێتەوە بۆ بینای کۆمەڵایەتی بە هەموو شێوەکانییەوە و زمان لە کلتورونەریت دانابڕێت، دیاردەکۆمەڵایەتییەکانیش کە یەکێکیان زمانە، لە هەر کۆمەڵگایەکدا بن دەکەونە ژێر کاریگەری کۆمەڵەوە، ئەمەش بە ڕوونی لەشێوازی ئاخاوتندا دەردەکەوێت و مرۆڤ لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا بەکاریان دەهێنێت) (فەرهادی ، ٢٠٠٣ : ٣) ، ئاخاوتن و دارشتن تەنها ڕێزمانی زمان دایاننا‌هێنێت بەڵکو وەك سۆسێر لە میتۆدی سایکرۆنیدا ئاماژەی بۆدەکات، مۆرکی داب و نەریت و چین وتوێژ و کات و شوێن و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی پێوەدیارە، لەبەرئەو هۆکارەشە زمانی بازاڕ و قوتابخانە و نووسەر و پزیشك .... لێکجیادەکرێنەوە .(محمد ، ٢٠١٣ : ٤٥) .

نیشانە کۆمەڵایەتییەکان لەرێی وتنەوە و بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان پلەو پایە و چین و توێژ و ئاستی ڕۆشنبیری و پێگەی کۆمەڵایەتی و پیشە و ڕەگەز و تەمەن و.... دیاریدەکات، هەڵبەت ئەمەش بەپێی هەلومەرجە نابەرانبەرییەکانی دەسەلات و هاوکاری دەبێت . بۆزیاتر بڕوانە (فەرەج ، ٢٠٠٠ :١٤١ ) . نیشانە کۆمەڵایەتییەکانیش زۆرو جۆراوجۆرن: جێناوەکان ، ناو ، نازناو ، ناوی شت و شوێن، ناوی هەندێ گیانلەبەر (شێر ، گورگ ... ) فۆرمەکانی خزمایەتی (خاڵە ، خوشکێ ، مامە ، ئافرەت ....) ناو و فۆرمەکانی پیشە (مامۆستا ، ئاسنگەر ، دارتاش .....)فۆرمە ئاینییەکان (مەلا ، ئیمام ، سۆفی ... (سەرچاوەی پێشوو ) .بۆنمونە :

دەقی ژمارە (٢٨)

ئەڵێن ماچ حەرامە

ئەی سۆفی بەچی بژی

ئەڵێن مەیخانە حەرامە

ئەی بەد مەست لە کوێ نوێژبکات

دیوانی لەتیف هەڵمەت ل١١٧١

٢_٤_ هێمای زمانیی و پرۆسەی بەکۆد کردن

پێوەندییە سیمانتیکییەکان، ئەو جۆرە پێکەوەهاتنەن، کە زۆرجار دەبنە سەرچاوەی ڕوون بونەوەی واتا و هەندێ جارێش بە کۆدکردنی دەربڕینەکان . ئەوەی مەبەستی ئەم پارەی توێژنەوەکەبێت، پرۆسەی بەکۆدکردنی دەربڕراوەکانە، کە چەند توخم و کەرەستەیەکن دەتوانرێت لێکبدرێن، کەرەستەی نوێ و ئاڵۆزتری لە زماندا لێبەرهەمبهێنرێت، ئەوانەیش دەنگ و فۆرمەکانن، کە دەکرێت لێکبدرێن یان لەتەك یەکەوە ڕیزبکرێن بۆئەوەی وشە و فرێز و ڕستەیان لێپێکبهێنرێت، ئەو وشە نوێیە کە لە چەند دەنگ و فۆرمێك پێکدێت و واتا دەگەیەنێت و بۆ کردەی لەیەکگەیشتن بەکاردەهێنرێت، دەبێت بە کۆد ( مەحویی،٢٠٠٩ : ١٣٩ ) ، بۆنمونە :

دەقی ژمارە (٢٩) وتم دایە

ڕێی هاتنی ئۆردووی ئائەم شەوە زۆڵە

لەکوێدایە...

وتی ڕۆڵە ....

ڕێی هاتنی ئۆردووی ئائەم شەوە زۆڵە

سەنگەرێکی چۆڵ و هۆڵە

دیوانی لەتیف هەڵمەت ل١٧٢

سەنگەری چۆڵ و هۆڵ، کە لەچەند وشەیەك پێکهاتووە و بەپێی یاسایەکی سینتاکسی وپێوەندی سیمانتیکی سینتاگماتیکی دراونەتە پاڵ یەك و واتایەکی نوێ دەبەخشیت، قسەکەر و گوێگر پێی لەیەکتر دەگەن، دەبێت بە کۆد . ستراکچەری کۆد چەند تایبەتمەندییەکی هەیە :

١- کۆد هێمای زمانییە و توخم و بەشە پێکهێنەرەکانی دروستەی دەربڕین و دروستەی ناوەڕۆکییە .

٢- کۆد یاسای سینتاکسی بۆ چەسپاندنی پێوەندی نێوان هێماکانی (لەڕستەدا) تێدایە .

٣- کۆد یاساکانیتری یەکە دەربڕینییەکان لەگەڵ دەوروبەرەکەدا دەگونجێنێت .

٤- کۆد یاساکانیتری یەکە ناوەڕۆکییەکان لەگەڵ دەوروبەرەکەدا دەگونجێنێت . (سەرچاوەی پێشوو )

کەواتە دروستەی کۆد، لە کردەی پێوەندیکردن و لێکتێگەیشتندا، لە لێکدانەوەی سیمانتیکی کۆد و سینتاکسی کۆد و فۆنۆلۆجی کۆددا کۆدەبنەوە و کردەی لێکتێگەیشتن لەنێوان قسەکەر و گوێگردا ڕوودەدات . کردەی بەکۆدکردنیش بە چەند ڕێگایەك دەبێت :

١_ پێوەندی ڕێزمانی، ئەم جۆرە لە پێکەوەهاتن بەپێی یاسا ڕێزمانیەکان دەبێت، گراماتیك ڕۆڵ لە دروستەیاندا دەبینێت، بۆنموونە وشەکانی ( زیندەبەچاڵ ، بێکاری ، بێوچان ، بێخەم ، بەدڵ ) بەپێی یاسا ڕێزمانییەکانی زمان دروستبوون و واتاو مەبەستی نوێ دەگەیەنن . بۆنمونە دەق ژمارە(٣٠) . بۆ زیاترسەبارەت بەیاساکانی ڕۆنانی کۆد بڕوانە (مەحمود ، ئاڤێستا کەمال ، ٢٠١٢: ٨٥) :

دەق ژمارە (٣٠) دەستی لەزنجیر ڕاکردووم

لەنێوان هەردوکماندا دەکەم بە پردی نهێنی و

سای کێلی لاشە زیندە بەچاڵکراوەکەت

دەکەم بەهێلانەی کۆتری

ئەوینە نەفرەت لێکراوەکەم دیوانی لەتیف هەڵمەت ل٢٨٧

٢_ پێوەندی فەرهەنگی، پێچەوانەی جۆری یەکەمە، بەهۆی ڕێزمانەوە ڕۆنانرێت بەڵکو بەهۆی پێکەوەهاتنی گونجاو و هەندێجاریش نەگونجاوی کەتیگۆرییەزمانییەکانەوەیە . ( ناو ، ئاوەڵناو ، ئاوەڵکار ....) . واتە دەکرێت بەکۆدکردن بەهۆی گونجانی کەتیگۆرییەکانەوە بێت یان بەپێچەوانەوە .(حەسەن ، ٢٠١٠: ٤٠ ) بۆنموونە :

پێکەوەهاتنی گونجاو :

دەق ژمارە ( ٣١) تاج

چەند بەنرخە

بیکەیتە سەری کەرێك

دەبێ بە پادشا

دیوانی لەتیف هەڵمەت ل١٠٨

هەڵبەت فرێزی (سەری کەر) پێوەندی فەرهەنگی پێکهێناوە پێش ئەوەی یەکەیەکی گراماتیکی بێت، چونکە بۆ لێکدانەوەی پەنادەبرێتە بەر پێکهاتە سیمانتیکییەکەی و بەو پێوەرەش بڕیاری لەسەردەدرێت . بێگومان (سەری کەر) بەکۆدکراوە و خوێنەر یان بیسەری کورد ڕاستەخۆ لەو کۆدە تێدەگات و واتاکەی لا ڕوون دەبێتەوە .

پێکەوە هاتنی نەگونجاو : لەوجۆرە بەکۆدکردنەدا کەتیگۆرییەپێکهاتووە بەکۆدکراوەکان نەگونجاو و ناتەبان، بەڵام شاعیر بەشارەزایی خۆی پێکەوەیان بەکاردەهێنێت و کۆدێکیان لێبەرهەمدەهێنێت، بۆنمونە :

دەق ژمارە (٣٢) کیشوەری زیندوە مردووەکان

کیشوەری مردووە زیندووەکان

دەریای قاوەیی شیعر

ئۆکیانووسی فرمێسك

ئۆکیانووسی شەڕی براکوژی

دیوانی لەتیف هەڵمەت ل١٠٣

لەدەق(٣٢)دا شاعیر چەند دەربڕینێکی لەشێوەی پێکەوەهاتنی نەگونجاو بەکارهێناوە، سەرباری نەگونجانی کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی(زیندوو مردووەکان)(مردووە زیندووەکان) (ئۆکیانووسی فرمێسک)(دەریای قاوەیی) پێکەوە بەڵام کۆدیان بەرهەم هێناوە و خوێنەر لەپەیام و مەبەستی شاعیر لە بەکارهێنانی ئەو کۆدانەدا دەگات .

ئەنجامەکان :

١- سینتاکس ڕۆڵی سەرەکی لە بنیاتی زمانی دەقدا هەیە، مەرج نییە سینتاکسی ڕستە بەتەواوەتی لە دەقدا پێڕەوبکرێت چونکە زۆرجار لادان لە سینتاکس دەبێتە سەرچاوەی ئێستاتیکای دەق، بۆیە دەکرێت دەق خاوەنی سینتاکسی تایبەت بێت بەخۆی و بەپێی تیۆریی سینتاکسی ئەرکی شیکاربکرێت ، کە لەسەر ئاستەکانی (دروستەی بنیات و سیمانتیك و پراگماتیك) کاردەکات .

٢- دروستەی تێکستی شیعری چەند ڕەگەزێکی هەیە، زمان و واتا دوو لەو ڕەگەزانەن کە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە ستراکتۆری دەقدا، هەڵبەت دروستی زمان واتا دروستی دەئافرێنێت و لە قاڵبی تێکستی شیعریدا لەسەر چەند بنەمایەك پێکەوە ڕۆڵی فەراهەمکردنی ئێستاتیکای دەق دەبینن .

٣- زمانی شیعری وەك ڕەگەزێکی هەرە گرنگی بنیاتی دەق، خاوەنی چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندییە ، کە جیای دەکاتەوە لە زمانی ئاخاوتن، دەرکەوتنی زمانی شیعری بە فۆرم و پێکهاتەی جیاوازەوە لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا تارادەیەکی زۆرباش تایبەتمەندی هەیە و لەهەمان کاتدا سەرچاوەی ئافراندنی ستایڵی تایبەتە شاعیر .

٤- گراماتیك و پێوەندییە سیمانتیکییەکان سەرچاوەی نیشانە زمانییە سیمانتیکی و پراگماتیکییەکانن، سەرجەم جۆرەکانی نیشانە زمانییەکانی (کەسی ، ئامرازەکانی نیشانە ، نیشانەکۆمەڵایەتییەکان ، نیشانەکانی کات و کەس ....تد) بە مەبەستی واتای سیمانتیکی و پراگماتیکییەوە لە دروستەی دەق شیعری لەتیف هەڵمەتدا بەکارهێنراون ..

٥- پرۆسەی بەکۆدکردن سیمایەکی دیاری شیعری لەتیف هەڵمەتە، بەکۆدکردنیش لەئەنجامی پێکەوەهاتنی گونجاو و نەگونجاوی کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانەوە فەراهەمدەبێت، بناغەی بەکۆدکردن ، بەکارهێنانی زمانە بەشێوەیەکی هونەری، کە سیمایەکی تایبەت بە دەربڕراوە نوێیەکە دەبەخشێت و گوێگر بەپێی پاشخانی زانیاری هاوبەشی لەگەڵ شاعیردا لێیدەگات .

## سەرچاوەکان :

١ _ سەرچاوەکوردییەکان :


١- ئەحمەد ، د. بیستون حەسەن ، ٢٠١٨ ، لێکدانەوەی سیماتیکی و پراگماتیکی دەربڕاوە چەسپاوەکان لە زمانی کوردیدا ، سلێمانی .

٢- تەوفیق ، قەیس کاکل ، ٢٠٠٢ ، پەیوەندییەکانی نێو دەق ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێجی ئاداب زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر .

٣- حەسەن ، فەرهاد تەوفیق ،٢٠١٠ ، پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێ دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی زمان ، زانکۆی سلێمانی .

٤- عەزیز ، عەبدوڵا ، ١٩٩٠ ، گۆڕانی واتاوشە لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر .

٥- عیزەدین ، سامان ، ٢٠١٠ ، بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا ، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی .
٦- فەتاح ، د. محمد مەعروف ، ٢٠١٠ : لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی ، هەولێر .
٧- فەرهادی ، ساجیدە عبداللە ، ٢٠٠٢ ، ڕستە و پاش ڕستە ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێجی زمان زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر .
٨- فەرەج ، هۆگر مەحمود ، ٢٠٠٠ ، پراگماتیك و واتای نیشانەکان ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێجی زمان زانکۆی سلێمانی .
٩- قادر ، خانزاد عەلی ، ٢٠١١ ، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر .
١٠- کانەبی ، دلێر سادق ، ٢٠٠٩ ، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری کورد ، ئەنوەر مەسیفی ، نەوزاد ڕەفعەت ، فەرهاد پیربال ، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی .
١١- کەریم ، د. ئازاد عەبدولواحێد ، ٢٠١٣، سۆسیۆلۆژیای ئەدەب ، کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەلایەتی کەرکوك .
١٢- معین ، سازان ڕەزا ، ٢٠٠٥ ، واتا و دەوروبەر ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان ، هەولێر .
١٣- مەحمود ، ئاڤێستا کەمال ، ٢٠٠٩، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان ، مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، سلێمانی .
١٤- ـــــــ، ٢٠١٢ ، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا ، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی .
١٥- مەحوی ، محەمەد ، ٢٠٠١، ڕستەسازی کوردی ، زانکۆی سلێمانی ، سلیمانی .
١٦- ـــــــ، ٢٠٠٩ ، زانستی هێما ، هێما ، واتا و واتا لێکدانەوە ، بەرگی دووهەم ، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی
١٧- محەمەد ، دارا حەمید ، ٢٠١٠ ، واتاسازی هەندێ لایەن لە سیمانتیك و پراگماتیکی کوردی ، سلیمانی .
١٨- ـــــــ، ٢٠١٢ ، شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لەڕوانگەی پراگماتیکەوە ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێجی پەروەردە ، زانکۆی سلێمانی .
١٩- ـــــــ، ٢٠١٣ ، هەندێ لایەن لە تیۆرییەکانی زمان ، سلێمانی .
٢٠- مەحموود ، ئازاد ئەحمەد ، ٢٠٠٩ ، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر .
٢١- مەعروف ، عەبدولجەبار مستەفا ، ٢٠٠٩، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی .

٢ _ سەرچاوەی نمونەکان :
١ _ دیوانی لەتیف هەڵمەت ، ٢٠١٤، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ، سلێمانی
٢-_ لەتیف هەلمەت، ٢٠١٣ دیوانی مندالان ، کەرکوك .

**٣ _ سەرچاوە عارەبییەکان :**

١- ارسطو ، فن الشعر ، ترجمة د. ابراهيم حمادة ، مكتبة الانجلو المصرية .
٢- - العناني ،عزالدين ، ٢٠١٤ ، الوظائف التركيبية و الدلالية و التداولية في النحو الوظيفي ، دراسة تطبيقية لسورة يوسف ، جامعة سطيف ٢ ، الجزائر .
٣- الصائغ ،عبدالاله ، ١٩٩٩، الخطاب الشعري الحداثوي و الصورة الفنية

الحداثة وتحليل النص ،المركز الثقافي العربي ، بيروت .

٤- المتوكل ، د. احمد ، ٢٠٠١ ، قضايا اللغة العربية في اللسلنيات الوظيفية ، دار الامان للنشر و التوزيع ، الرباط .

٥- برينكر ، كلاوس ،٢٠٠٤ ، التحليل اللغوي للنص ، ترجمه سعيد البحيري ، مؤسسة المختار ، القاهره ، مصر

٦- جميات ، بريزة ،٢٠١٦ ، نظرية النحو الوظيفي لاحمد المتوكل طبقة الحمل الموسع نموذجا ، تطبيق على سورة القلم ، رسالة ماجستير ، جامعة محمد بوضياف ، الجزائر .

٧- حاجي ، احمد ،٢٠١٥ ، مصطلح اللغة الشعرية ، المفهوم و الخصائص ، مجلة المقاليد ، ع . ٩

٨- حماسة ، محمد ، ٢٠٠١ ، اللغة و بناء الشعر ، دار غريب للطباعة والنشر و التوزيع ، القاهره .

٩- خليل ، إبراهيم ١٩٩٧ ، الأسلوبية ونظرية النص، ،المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط١.

١٠- دال ، جيرار دولو ، السيمائيات او نظرية العلامات ، ت. عبدالرحمن بو علي ، دار الحوار للنشر والتوزيع ، سورية .

١١- سوسير ، فردیناند .دی ، ١٩٨٨ ، محاضرات في علم اللغة العام ، ت. د. يوسف عزيز ، دار الافاق العربية ، بغداد .

١٢- عمر ، د. احمد مختار ،١٩٨٢ ، علم الدلالة ، دار العروبه للنشر و التوزيع ، كويت .

١٣- فضل ، د. صلاح ، ١٩٩٨ ، النظرية البنائية في النقد الادبي ، دار الشروق ، القاهرة .

كارل ، ديتر بونتج ، ٢٠٠٣ ، المدخل علم اللغة ، ت . د. سعيد حسن البحيري ، مؤسسة المختارللنشر و التوزيع ، مصر .

كوهن ،جان ،١٩٩٣، بناء لغة الشعر: أحمد درويش، دار المعارف مصر،ط٣،،ص٢٢٧.

لاينز ، جون ، ١٩٨٦ ، اللغة و المعنى و السياق ، ترجمة د. عباس صادق ، دار الشؤن الثقافية العامة ، بغداد .